گەردان محەممەد یاریزانی تۆپی دەستی ئەفرۆدێت:

# بەهیوای ئەوەم بتوانم درێسی هەڵبژاردەی کوردستان لەبەر بکەم



*** ئاستی یاری تۆپی دەست لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەگەر بێینە سەر باشی وەرزش لە کوردستان لە رووی پێشکەوتنەوە زۆر پەرەی سەندووە و، لە چاو ساڵانی رابردوو جیاوازتر دەردەکەوێت، بەهۆی پەرەسەندنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و پاڵپشتیکردنی وەرزش لەلایەن وەرزشدۆستان بەتایبەت لە ئافرەتاندا کە دەکرێت بڵێین بە خۆشحاڵییەوە ژمارەیەکی زۆر لە کچەکانمان روویان کردۆتە وەرزشکردن و چەندەها پاڵەوانیەتییان بەدەستهێناوە لەئاستی کوردستان و عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە ئافرەتانمان هەیە کە بەداخەوە بەهۆی تێگەیشتنی هەڵە لەلایەن خێزان و چینێکی کۆمەڵگە کچان ناتوانن بەهرە و خولیاکانیان لە وەرزشدا گەشە پێبدەن، وەرزشی تۆپی دەستیش قۆناخی باشی بڕیوە، بەس هێشتا پێویستمان بە خول و پاڵەوانیەتی هەیە.


*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- پاڵەوانیەتیی کەم دەبێتە هۆکار بۆ پاشکەوتنی ئەم یارییە، بەڵام ئێستا پاڵەوانیەتی ئەنجام دەدرێت لە کوردستان و عێراق، ئێمەش وەکو تیپی تۆپی دەستی ئەفرۆدێت توانیومانە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، ئەوەش مایەی خۆشحاڵییەو بەهیوای ئەوەین خولی بەردەوامیش بکرێتەوە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی دەستی کچان بەرەو پێشتر بچێت؟**

- کردنەوە فێرگەی تایبەت بە یارییەکانی تۆپی دەستی لەسەرجەم شارەکانی کوردستان لە ئاستەکانی تەمەنی جیاواز و کردنەوەی خولی

یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێت یەکێکە لەو یانانەی کە تایبەتە بە یارییەکانی ئافرەتان لە شاری سلێمانی و تیپی تۆپی دەستی یانەکەش یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانی بەتوانایە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان گەردان محەمەدە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانییەو قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی و هاوکات بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان و عێراقیش، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



بەردەوام و گرنگیدان بە ئاستی کچە یاریزانان هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی دەستی لە چیدا دەبینی؟**

- تیپی ئێمەش وەك هەر تیپێك بێبەش نییە لە گرفت و کەم و کورتی لە نەبوونی هۆڵێك بۆ یاری تۆپی دەست و نەبوونی تۆپ و کەلوپەلی تەندروست بۆ ڕاهێنان و نەبوونی هۆکاری هاتوچۆی یاریزانان ئەوانەش هەمووی گرفتە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-نەخێر، هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووەو لەگەڵ ئەفرۆدێت بەردەوامم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر لەگەڵ وەرزشەکەم خۆم بناسێنم و ئاستی وەرزشیی خۆم بەرز بکەمەوە و بتوانم لە داهاتوودا ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- ئێمە ئەگەر بمانەوێت یاریزانە کوردەکانمان بناسێنین، دەبێت لەگەڵیان بین و ئاستیان بەرەو پێش ببەین لەکاتی پاڵەوانییەتییەکاندا بەشدارییان پێبکەین، نەوەك پشت بە یاریزانی بیانی ببەستین کە خۆی لە خۆیدا فشارێکی زۆرە لە ڕووی ماددی یانەکان، بەرەوپێشنەچوونی ئاستی یاریزانانی ناوخۆش، بڕوا بە خۆ نەبوونێك دروستی دەکات لای یاریزان و ڕاهێنەر، دەنا یاریزانی کورد لە یاریزانی بیانی کەمتر نییە.

*** لە خێزانەکەت بە تەنیا وەرزشکاری؟**

- بەڵێ من تەنیا بە خۆم وەرزشکارم .

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- بەهیوام بەرپرسانی لیژنەی ئۆلۆمپی زیاتر گرنگی بە یاری تۆپی دەست بدەن، چونکە یارییەکە ئەنجامی زۆر باشی بەدەستهێناوە، هەروەها گرنگی بە هەموو وەرزشەکان دیکەش بدەن.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- خەونی من وەك زۆر لە وەرزشوانان خزمەتکردنە بە کۆمەڵگەکەم و بڵاوکردنەوە و گرنگی پێدانی وەرزشە لە قۆناخی سەرەتایی قوتابخانەکانەوە کە بکرێتەوە وانەیەکی سەرەکی.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**

- ئەوە هیواو ئاواتی هەموو یاریزانێکە، بێگومان منیش بەهیوای ئەوەم بتوانم درێسی هەڵبژاردەی کوردستان لەبەر بکەم.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق داواکراوی؟**

- هەموو هەوڵێکم ئەوەیە بتوانم ئەو خەونم بەدی بهێنم و بگەمە ریزی هەڵبژاردەی عێراق و لەوێش ئاستی ڕاستەقینەی خۆم پێشکەش بکەم.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی ئەڵمانی نیکۆلا.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە بەردەوام پاڵپشتیم بکەن، داواکاریشم لەو کەسانەی خولیای وەرزشکردنن بەتایبەت ئافرەتان، وەرزش بکەنە بەشێك لە ژیانیان، هیوادارم لایەن پێوەندیدارەکانیش گرنگی زیاتر بە وەرزش و یانەکان بدەن، میدیاکان زیاتر گرنگی بدەن بە ناساندنی یاریزانانی کوردستان، چونکە کوردیش وەکو هەموو وڵاتێك یاریزانی بەتوانای هەیە، هەروەها سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوە و ناساندنی بەردەوامی یاریزانان لە سەرتاسەری کوردستان.

دیمانە: کارزان کانەبی




# بەرشلۆنە و مانچستەر یونایتد کێبڕکێی کڕینی بەرگریکارێکی سویدی دەکەن

بەپێی راپۆرتە هەواڵییەکانی پورتوگال، یانەی بەرشلۆنە لە هاوینی داهاتوودا دەچێتە کێبڕکێی بەدەستهێنانی ڤیکتۆر لیندیلۆفی بەرگریکاری یانەی بەنفیکا. لە بازاڕی زستانەدا یانەی مانچستەر یونایتد هەوڵیدا ئەو یاریزانە نێودەوڵەتییەی سوید بباتە ریزەکانیەوە، بەڵام شکستیان هێنا لە رازیکردنی ئیدارەی یانە پورتوگالییەکە. مانچستەر یونایتد لە کڕینی ئەو یاریزانە بێهیوا نەبووەو لە بازاڕی هاوینەی داهاتوودا جارێکیتر گفتوگۆکانی لەگەڵ بەنفیکادا دەست پێ دەکاتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەی( O Jogo)، مانچستەر یونایتد لە میرکاتۆی هاوینەدا تەنیا نابێت و ئیدارەی بەرشلۆنە هەوڵی جددی دەدات بۆ پەلکێشکردنی بۆ کامپ نۆ.

هەمان سەرچاوە ئەوەشی ئاشکراکردووە، کە ژمارەیەك بەرپرسی بەرشلۆنە، لە یارییەکەی رۆژی شەممەی نێوان بەنفیکا و پۆرتۆ ئامادەبوون و لە نزیکەوە چاودێری لیندیلۆفی تەمەن ٢٢ساڵیان کردووە.

## دراکسلەر هۆکاری پێوەندیکردنی بە پاریس سان جێرمانەوە ئاشکرادەکات

جولیان دراکسلەری ئەڵمانی و ئەستێرەی نوێی یانەی پاریس سان جێرمانی فەڕەنسی هۆکاری پێوەندیکردنی بە یانەی فەڕەنسییەکەوە ئاشکرا دەکات.

دراکسلەر لە گواستنەوەی زستانەدا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە یانەی ڤۆلسڤبۆرگی ئەڵمانییەوە پێوەندی بە یانەی پاریسەوە کردو تاکوو ئێستا شەش یاری ئەنجامداوە و چوار گۆڵی تۆمار کردووە.

لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (تی ئێف ١ی) فەڕەنسی، دراکسلەر گوتی: چەند ساڵێکی نایابم لە ئەڵمانیا بەسەر برد، حەزم کرد کەش و هەوای دیکە تاقی بکەمەوە، لەبەر ئەوە پێوەندیم بە پاریسەوە کرد.

گوتیشی: ئیدارەو راهێنەری پێشووی ڤۆلسڤبۆرگ وازیان هێنا، پێوەندییەکی باشم لەگەڵیاندا هەبوو، لە کۆتاییدا بڕیارمدا یانەکە جێبهێڵم.

لە کۆتاییدا دراکسلەر رایگەیاند، گوێم لە دڵم گرت کە داوای پاریسی دەکرد، چونکە شێوازی یاریکردنی من لەگەڵ پاریسدا دەگونجێت، بۆیە ئێرەم هەڵبژارد.



## کۆسێلێنی ڕەخنە لە ڤێنگەر دەگرێت

لۆران کۆسێلینی کاپتنی یانەی ئارسیناڵ، پێیوایە لە یارییەکەی چێلسیدا بە پێکهاتەیەکی نەشیاوەوە یارییان کردووەو ژمارەیەك یاریزان دەبوو بەشداریی ئەو یارییەیان بکردایە.

ئارسیناڵ چووە ئەو یارییەوەو دەیزانی سەرکەوتن، لە چێلسی یەکەمی ریزبەندی نزیکی دەکاتەوەو کێبڕکێی بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی گەرمتر دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرسناڵییەکان نەیانتوانی ئەرکەکەیان بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنن و هیچ سەرئێشەیەکیان بۆ چێلسی دروست نەکردو بە ئەنجامی ٣-١ دۆڕان. لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی میرەر، کۆسێلینی لەسەر شکستەکەیان بەرامبەر چێلسی دەڵێت: پێموابێ هەندێك یاریزان یارییان پێکرا کە شایستە نەبوون، دەبوو زیاتر وەکو تیپێکی یەکگرتوو بەرامبەر چێلسی یاریمان بکردایە.

ئەو شکستە ئارسیناڵی لە بەدەستهێنانی پریمەرلیگ تا رادەیەکی زۆر بێهیوا کرد، کە ماوەی ١٣ ساڵە خەونی پێوەدەبینن، هاوکات ئێستا مەترسیی ئەوەشیان لەسەرە بۆ چامپیۆنز لیگ سەرنەکەون.

لەو بارەیەوە کۆسیلینی دەڵێت: لە رووی ژمارەوە هیچ شتێك کۆتایی نەهاتووە، بەڵام ئێمە دەزانین ئەرکەکانمان قورستر بوون و پریمەرلیگ ئاڵۆز بووە، پێویستە بە بەهێزی بگەڕێینەوە.



# کوردێک چووە ریزی یانەیەکی قەتەری

سەیفەدین فەتاح راهێنەرو یاریزانی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دوای پێشکەشکردنی ئەو ئاستە بەرزەی لە خولی عێراقی و دەرەوەی عێراقیش بۆیە بە هۆی ئاستە بەرزەکەی وای لە راهێنەری تیپی غەرافەی قەتەری کرد، کەوا گرێبەستێك لەگەڵ یاریزانێکی کورد واژۆ بکەن و لە سلێمانییەوە بیگوازنەوە وڵاتی قەتەر. سەیفەدین فەتاح لە بارەی چوونی بۆ ریزی یانەی غەرافەی قەتەری بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من وەکو هەر یاریزانێکی تر لەلایەن راهێنەری یانەی غەرافەی قەتەری کاپتن محەممەد جەبار دەستنیشان کراوم، ئەویش دوای ئەوە هات کە توانیم ئاستێکی بەرز لە یارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق پێشکەش بکەم، بۆیە ئەوانیش وەکو یاریزانێکی پیشەگەر گرێبەستیان لەگەڵم واژۆ کرد بۆ ئەوەی لەخولی پلەیەکی ئەو وڵاتەیان یاری بۆ یانەی غەرافە بکەم، ئێستاش ماوەی یەك هەفتەیە لە قەتەر دەستم بە مەشقەکان کردووەو بەهیوای ئەوەم وەکو یاریزانێکی کورد ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و جێگای متمانەی ئەوان بم و لەگەڵ تیپەکەش ئەنجامێکی دڵخۆشکەرمان هەبێت.» گوتیشی: «گرێبەستەکەم بۆ یەك وەرزە و دەمەوێت ئەوەی لە توانامدا بێت، خزمەت بکەم بەم یارییە و بەم تیپە تازەم، بۆیە هەوڵەکانی خۆم بەردەوام دەکەم بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی ئاستی خۆم لەگەڵ یانەی غەرافەو دڵم خۆشە کەوەکو یاریزانێکی پیشەگەر یاری بکەم لە خولی قەتەری.»



# مەزن محەممەد
# یاوەری شاندی هەڵبژاردەی عێراق ناکات

هەرچەندە ماوەی دوو ساڵە مەزن محەممەدی راهێنەری تیپی فوتسالی یانەی ئافرەتانی هەولێر یاوەری هەڵبژاردەی تۆپی پێی کچانی عێراق بووە و ئامادەکاری دەکات لەگەڵ هەڵبژاردەکە وەکو یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەکە و رۆڵی کارای بینیوە لە دەستنیشانکردنی یاریزانان بۆ هەڵبژاردەکە، بەڵام بەر لە گەشتکردنی هەڵبژاردەکە بۆ وڵاتی لوبنان بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی رۆژئاوای ئاسیا ناوی لە لیستی گەشتکەرانی هەڵبژاردەکە نەبووە. لە بارەی یاوەری نەبوونی هەڵبژاردەی کچانی عێراقیش مەزن محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خۆیشم نازانم بۆچی ناوم لەگەڵ تیپەکە نەبووە، لە کاتێکدا من یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەکەم و ماوەی دوو ساڵیشە لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی عێراقم و بەر لە گەشتی هەڵبژاردەکەش ئامادەکاریمان کردووە لەگەڵیان لە شاری سلێمانی، کەچی دواجار منیان بانگهێشت نەکردووە بۆ ئەم گەشتە، منیش ئەم هەواڵەم بە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق راگەیاندو ئەویش بەمنی گوت مافت بۆ وەردەگرمەوە. هەرچەندە پاڵەوانیەتییەکە هەڵوەشایەوە، بەڵام دواجار هەڵبژاردەکە گەشتی لوبنانی کرد.» گوتیشی: «ماوەی دوو ساڵە بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراقی هەیە کە وەکو یاریدەدەر لەگەڵ هەڵبژاردەی کچان کارم کردووەو رۆڵم هەبووە لە مەشقەکان و دەستنیشانکردنی یاریزانان و خۆماندووکردنم لەگەڵ هەڵبژاردەکە، بەڵام دواجار منیان بەم شێوەیە لێ کرد، من تاکو ئێستا هۆکارەکەشم بۆ روون نەبۆتەوە کە بۆچی دوای ئەم هەموو ماندووبوونە کەچی کوردێك بە رەوا نەزانن بۆ یاوەریکردنی تیپێك کە بە بێ هیچ هۆیەك منیان لەگەڵ شاندەکە دانەناوە، لە کاتێکدا من ئەم هەموو ماندووبوون و ئەرکەم کێشاوە لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی عێراق و ئامادەکاری پێویستم لەگەڵ تیپەکە کردووە، بۆیە ئێستا چاوەڕوانی ئەوەم بزانم سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی چیم بۆ دەکات، سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کەوا پشتگیرییان کردم بە هەر جۆرێك بێت کە پشتگیری خۆیان بۆ من دووبارە کردەوە.

# دوو کچە یاریزانی کورد
# بەشداری پاڵەوانیەتی یارییە سیانیەکان دەکەن

بڕیارە لە مانگی ٣ی ئەمساڵ شاندی تیپی یارییە سیانیەکانی هەڵبژاردەی عێراق بەشداری لە پاڵەوانیەتی یارییە سیانیەکانی عەرەبی بکەن لە شەرەمەلشێخی وڵاتی میسر، بۆ ئەم مەبەستەش شاندنی هەڵبژاردە بە کۆمەڵێك یاریزانی کوڕوکچی کوردی یانەکانی کوردستان بەشداری لەم پاڵەوانیتییە دەکات و چاوی لەوەیە بتوانێ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنێت، لە ئاستی کچانیش هەریەك لە کچە یاریزانان لەنجە سەلام لە یانەی دووکان و شاجوان بەهرۆز لەگەڵ شەش کوڕە یاریزانی کوردستان بەشداری ئەم یارییە دەکەن، لە بارەی بانگهێشتکردنی کچە یاریزانەکانیش بۆ ریزی هەڵبژاردەکە لەنجە سەلام یاریزانی هەڵبژاردەی یارییە سیانیەکانی عێراق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو یاریزانانی کوردستان بە ناوی هەڵبژاردەی عێراق بەشداری پاڵەوانیەتی یارییە سیانیەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکەین. من و کچە یاریزانێکی شاری سلێمانیش بە یەکەوە هاوسەفەری هەڵبژاردەکە دەبین و چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین بۆ هەڵبژاردەی عێراق و کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم کچە یاریزانەکانی هەڵبژاردەکانی دیکە بکەین. لە ئێستاوە ئامادەکاری باشمان کردووە و لە شاری هەولێریش ئامادەکاری زیاتر دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی تۆکمەتر خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو کاتەی گەشتی وڵاتی میسر دەکەین لەگەڵ یاریزانەکانی تری هەڵبژاردەی عێراق.» لەنجە گوتیشی: «هیچ گرفتێکمان نییەو دەمانەوێ لەگەڵ سەرجەم یاریزانەکانی تر بتوانین لە ئامادەکارییەکانمان بەردەوام بین و بە مەدالیای زێڕەوە بگەڕێینەوە بۆ هەرێمی کوردستان.»

